# ژیانەوەی وشەی تەرز، وشەیەکی لەبیرکراوی مۆسیقای کوردی، لە ڕێگەی شیعری کوردییەوە

**مادێح پیریۆنسی**
**(کەنەدا)**

**کورتە**

وشەی «تەرز» وشەیەکە کە لە مۆسیقای کوردیدا، بە تایبەت لە تەموورەدا، بە مانای مەقامی مۆسیقایی دێت. ئەم وشەیە ڕەنگە ئەمڕۆ لە دەرەوەی مۆسیقای تەموورەدا کەمتر ببیسترێت، بەڵام ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەوە پیشان بدات، لە ڕابوردوودا وەها نەبووە و لە پێوەندی لەگەڵ ئامێری تریشدا بەکار هاتووە. بۆ نموونە وشەکە بۆ مەقامی ئامێری تر وەک نەی و دەف، یان بۆ گۆرانی وتنیش کەڵکی لێ وەرگیراوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات لە شیعری کوردیدا بە شوێن ئەم وشەیە و ماناکانیدا بگەڕێت.

لەم وتارەدا چەندان نموونەی هۆنراوەی کوردی دەخرێنە بەرچاو، کە تێیاندا وشەی تەرز بە دوو مانا، واتە جۆر و مەقام، کەڵکی لێ وەرگیراوە. نموونەکان بە زۆری هی ئەدەبی گۆرانی و بە تایبەت شیعری (مەولەوی)ن، بەڵام نموونە لە باقیی شاعیران و زاراوەکانیش هێنراوە.

لەم نووسراوەدا پێشان دراوە کە چۆن لێکۆڵەرانی پێشوو، تەنانەت زۆربەی فەرهەنگنووسەکانیش ئەم مانایەی وشەی تەرزیان پشتگوێ خستووە و چۆن بە ڕەچاوگرتنی واتا مۆسیقاییەکەی دەتوانین مانایەکی قووڵتر و چەندان جۆرە بۆ هۆنراوەکان بدۆزینەوە.

**وشەگەلی سەرەکی: تەرز، شیعری کوردی، وشەی کوردی، مۆسیقای کوردی، مۆسیقای تەموورە.**

**دەستپێک**

پێوەندی وشەی «تەرز» لەگەڵ مۆسیقادا گومانێکی تێدا نییە. ئەم وشەیە ئەمڕۆ بە زۆری لە مۆسیقای تەموورەی کوردانی یارساندا بە مانای مەقام بەکار دێت، چەند دانە لە مەقامە بەناوبانگەکانی تەموورە وشەی تەرزیان تێدایە. بۆ نموونە «سەرتەرز»، یان «تەرز» مەقامێکی ٨/٥ی تەموورەیە، یان مەقامگەلێکی تر بە ناوی «تەرز یرووسەم» و «تەرز یاری»مان هەیە کە لە مەقامە ناسراوەکانی تەموورەن، هەروەها یەکێ لە کۆکە باوەکانی

تەموورەیش ناوی کۆکی تەرزە (Moradi, 2012). بەپێی بڕوای یارسانەکان خودا کە مرۆڤی لە گڵی زەرد دروست کرد، بنیامین بە تەمووره مەقامی تەرز، یان سەرتەرزی بۆ ژەنی (Moradi, 2018, 2019; Seyedahmady Zavieh et al., 2016)، هەروەها گۆشەیەکمان لە دەستگای هۆمایووندا بە ناوی تەرز هەیە. ئەم وتارەش نە بۆ بیرخستنەوەی مانای ئەم وشەیە و نە بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتی وشەکە نووسراوە، بەڵکوو هەوڵ دەدات بە هێنانەوەی چەندان نموونە لە شیعری شاعیرانی کورد پیشان بدات چۆن ئەم مانایەی وشەی تەرز لە ژێر تەپوتۆزی زەماندا لەبیر کراوە و بیرخستنەوەی تەرز بە مانای مەقام چۆن دەتوانێت تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتر لەو دەقانەمان پێ بدات.

## ماناکانی وشەی تەرز

ئەگەر چاوێک بە برێک لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بخشێنین، زۆربەیان وشەی تەرزیان بە مانای مەقام نەهاوردووە، لەوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی ئاناهیتان کە هیچ کام ئاماژەیان بەو مانایەی ئێمە بە شوێنیداین نەکردووە. بۆ نموونە هەنبانە بۆرینە ئەم مانایانەی ڕیز کردووە: لکی داوەبەن ئاسای ڕەز؛ سەرلکی باریکی برکە بێسان؛ وەک، وەکوو؛ جۆر، نەوع و جوان و لەبار (شەرەفکەندی (هەژار)، ١٩٩١)، یان فەرهەنگی خاڵ لە بەرانبەر وشەی تەرزدا ئەمانەی نووسیوە: سەرلقی ناسکی هێندێ سەوزایی وەک مێو و کاڵەک و شووتی؛ تەرزە (خاڵ، ٢٠٠٥).

فەرهەنگە کرمانجییەکانیش لەم خاڵەدا هاوبەشن. فەرهەنگی کراوەی ئۆنلاینی ویکیفەرهەنگ (Wiktionary, 2020) کە یەکێک لە گەورەترین بنکەدراوەکانی هەیە نووسیویەتی: ١) ئاوا، شێواز، ستیل. ئسوول، تەشە، مۆرک ٢) ئسوول، تەحر، شکل. فەرهەنگی کرمانجی بە تورکیی زاناش (Farqînî, 2005) تەنیا مانای شکڵ و شێوەی بۆ داناوە. فەرهەنگی کرمانجی- سۆرانییەکانیش (پێندرۆیی (جگەرسۆز)، ٢٠٠٩) ئاماژەی بە مانا مۆسیقاییەکەی تەرز نەکردووە و وشەگەلی جۆر، شێوە و ڕەنگی بۆ واتاکەی بە بەس زانیوە. دیارە ئەم فەرهەنگانە زیاتر سەرنجیان داوەتە سەر وشەگەلی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو.



مەولەوی

بۆیە فەرهەنگی باقیی زاراوەکانیش سەیر کرا. بۆ نموونە، لە فەرهەنگی لەک و لوڕ نووسراوەی ئیزەدپەناهدا (ئیزەدپەناه، ١٩٧٨) وشەی تەرز تۆمار نەکراوە. فەرهەنگی وشەنامەی هەورامی - سۆرانیی بێداریش وشەکەی تەنیا بە مانای شێوە و تەرح تۆمار کردووە (حبیب‌اللە (بێدار)، ٢٠١٠).

فەرهەنگی سۆرانی- هەورامیی بێستوونیش

وشەکەی تۆمار نەکردووە (دروودی & مەنبەری، ١٩٩٨). تەنیا فەرهەنگێک کە نووسەر توانی بیدۆزێتەوە کە ئاماژەی بە مانا مۆسیقاییەکەی وشەی تەرز کردبێت فەرهەنگی باشوور نووسراوەی جەلیلیان بوو. فەرهەنگی باشوور (جەلیلیان (ئاکۆ)، ٢٠٠٤) جگە لەو واتایانەی سەرەوە ئەم دوو مانایەی بۆ تەرز داناوە: مەقامی هۆرە و موور، مۆسیقای حەقانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم فەرهەنگە سەرنجی تایبەتی داوەتە سەر وشەکانی ناوچەی کرماشان، لوڕستان و ئیلام، هەروەها گوێچاوێکیشی لە مۆسیقاوە بووە، کە وا بوو دەبینین زۆربەی فەرهەنگنووسانی کوردی ئاگاداری ئەم وشەیە نەبوون.

## نموونەکانی بەکارهێنانی تەرز لە شیعری کوردیدا

ڕەنگە مەولەوی لە هەموو شاعیران زیاتر وشەی تەرزی بەکار هێنابێت. چەندان نموونە لێرە دەخرێتە بەر چاو. لەم نموونانەدا خوێنەران بەزۆری مانا مۆسیقاییەکەی تەرز لەبەرچاو ناگرن، تەنانەت لە ڕاڤەکردنەکانی (مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس)یشدا (مەولەوی، ٢٠١٠) ئاماژە بەم مانایە نابینرێت. ئەم بەیتەی خوارەوە ڕەنگە یەکێ لە بەناوبانگترین نموونەکان بێت:

**سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن**
**خەفەت شاییشەن خەم دەماخبەرزەن**

لە ژێر ئەم دێڕەدا مەلا عەبدولکەریم نووسیویەتی «زیل و بەم: دوو ئالەتی مۆسیقان، تەرز: جۆر» و باسێکی لە تەرز بە مانای مەقام نەکردووە، بەڵام ئەگەر مانا مۆسیقاییەکەی تەرز لە بەرچاو بگرین، مانای دێڕەکە دەبێ بەوە کە مەینەت دەنگی زیل و بەم بە سەد مەقام (لە سەد جۆر) دەژەنێت. ئەوەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت کە مەولەوی وشەی تەرزی بە مانای مۆسیقایی بەکار هێنابێت ئەوەیە کە لە زۆربەی شوێنەکاندا وشەی مۆسیقایی تر لە بەیتەکەدا هەیە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ وشەی تەرز ئیهامێکی تەناسوب دروست دەکەن (واتە هەم بە مانای جۆر و شێوازە و هەم مەقام). بۆ نموونە لەو بەیتەی سەرەوەدا زیل و بەم زاراوەی مۆسیقایین. ئەم ئیهامە نابێ بۆمان نائاشنا بێت، چون مەولەوی زۆر ئارەزووی لەم چەندان ماناییانەیە لە شیعردا. یان لەم دێڕەی خوارەوەدا دەڵێت:

**جە ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی**
**شادیم شێویا، شینم سەد تەرز بی**

لێرەدا ئاماژە بە وشەی چەمەری کراوە کە خۆی یەکێک لە ئاوازە بەناوبانگەکانی مۆسیقای هەورامانە (پهلوان، ٢٠١٨؛ مەلا ساڵح، ٢٠٠٨) و ئاماژە بەم وشەیە لە پاڵ وشەی تەرزدا بە ڕێکەوت نییە. لێرەشدا مەلا عەبدولکەریم ئاماژەی بە مانای مۆسیقایی چەمەری و تەرز نەکردووە و ئاوەهای لێک داوەتەوە: «نامەکەت هات شین و هاوارم بەرز بووەوە، شادیم تێک چوو و شین و گریانم بوو بە سەد جۆر.»

لەم پشتگوێ خستنەی واتای دووەمی وشەی تەرزدا مودەڕڕیس تەنیا نییە. توێژەرانی دیکەیش لەم مانایە ورد نەبوونەتەوە. بۆ نموونە هیچ کام لە مەحموود پوور (مەحموود پوور، ٢٠١٠) (ڕەئووف)، موحەمەدپوور (موحەمەدپوور، ٢٠٠٣) یان حەکیم مەلا ساڵح (مەلا ساڵح، ٢٠٠٨) ئاوڕیان لەم وشەیە نەداوەتەوە. ئەگەر بمانەوێت لێکدانەوەکانیان وردتر بخوێنینەوە، دوو توێژەری یەکەم لەسەر ئەم بەیتەی خوارەوە نووسیویانە بێ ئەوەی ئاماژەیەک بە

مانا مۆسیقاییەکەی وشەی تەرز بکەن:

**تەپ و دووی دووکەڵ هەناسەت بەرز بۆ**

**ناڵەت چون ناڵەم جە هەزار تەرز بۆ**

کە لێرەش وشەی تەرز دەتوانێت لەگەڵ ناڵە ئیهامی تەناسوب دروست بکات.

بەڵام سەیرتر ئەوەیە کە تەنانەت (مەلا ساڵح) یش (مەلا ساڵح، ٢٠٠٨) کە بە وردی باسی ئامازەکانی مەولەوی بە زاراوە مۆسیقاییەکان دەکات، ئاوڕ لەم وشەیە ناداتەوە. ئەم توێژەرە زاراوە مۆسیقاییەکانی مەولەوی ڕیز دەکات و چەندان لاپەڕە لەسەریان دەنووسێت. بۆ نموونە وشەگەلی دیلان، لاو هەی لاو، دڵسۆز، حیجاز، سەحەری، لایەلایە، بەستە، مەقام و چەمەری لەو وشانەن ئامازەی پێ کردوون، بەڵام لە دوان لەو نموونانەدا کە هاوردوویەتی وشەی تەرزیشی تێدایە کە پێی نەزانیوە، تەنانەت کاتێک کە لەم بەیتەدا تەواو کەوتووە بەسەر وشەکەشدا گوێی پێ نەداوە:

**های نایی نایێ، موتریب مەقامێ**

**موغەننی تەرزێ، ساقیا جامێ**

ئاوەها بۆی چووە: «ئەی نەیژەن نەیەک لێ بدە، گۆرانیبێژ مەقامێک بچڕە، ئاوازدانەر شێوەئاوازێک دانێ، ساقی تۆش جامێکمان بدەیە.» لێرەدا مانای تەرز بە پێچەوانەی شوێنەکانی تر تەواو ڕوونە، تەنانەت دوو مانایشی نییە و تەنیا ئامازە بە مانا مۆسیقاییەکەیە، واتە ئەی موغەننی تەرزێک بژەنە!

لێرەدا ڕەنگە بوترێ شاعیر بۆ ڕێکخستنی قافییە لەگەڵ وشەی بەرزدا تەرزی هێناوە. فارس وتەنی «در تنگنای قافیه خورشید خر شود،»، واتە لە تەنگانەی قافیەدا خۆر دەبێ بە کەر! بەڵام لە یەکێک لە نموونەکانی سەرەوەدا تەرز ڕۆڵی قافییە ناگێڕێ و نموونەی لەم جۆرەش لە دیوانی مەولەویدا کەم نین. بۆ نموونە ئەم شیعرەی خوارەوە:

**جامێ جە مەعجوون دەردی ئەوگاران**

**دوردی وامەندەی بەزمەکەی یاران**

**پێم دەر تا ڕیشەی هەستی کەرۆ پەی**

**قوربان تۆیچ نەیچی، دەستێ بەر پەی نەی**

**وە تەرزەکەی وێت من لاونەوە**

**وە مەقامێ وەش خەم تاونەوە**

واتە بە شێوەکەی خۆت (هەروەها بە تیوونە مۆسیقاییەکەی خۆت) من بلاوێنەوە و بە مەقامێکی خۆش بمتاوێنەرەوە.

نموونەکانی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لای مەولەوی کەم نین، ئەمەش چەند نموونەیەکی تر لە بەکارهێنانی دوو مانایەی وشەی تەرز لە دیوانی (مەولەوی)دا، کە لە هەموویاندا وشەی تەرز هاوڕیز لەگەڵ وشەگەلی مۆسیقاییدا هاتووە:

**مەینەت چون توجار وە مەتای سەد تەرز**

**کەردەن نە دەروون نەوای شادی بەرز**

یان دەڵێت:

**هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕازێ**

**گیرۆن نە دەروون هەر سازێ گازێ**

یان لەم میسرەعەدا کە لەوانەیە مەبەست لە وشەی تەرز، هەمان مەقامی تەرز بێت (ئەگەرچی خیتاب بە دەفژەنە):

**با بەیۆ وەش وەش سۆزەی سەداکەت**

**لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت**

یان لەم چەند میسرەعەی خوارەوەدا، کە ئامازە بە وشەگەلی دیوان (هەروەها دێوانەکەت یانی شێتەکەت)، لاواندنەوە و تەرز کراوە:

**دیوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بی**

**بەرزی بڵێسەش هەر سات سەد تەرز بی**

**وە هەر تەرزێ لەیل ملاوناوە**

**دڵەی سەنگی سەخت متاوناوە**

یان لـەم بەیتـەدا کـە وشـەگەلی موغەننـی، تـار و حەنجـەرە چنـراون، لـە پـاڵ وشـەی تـەرزدا:

**های موغەننی تار حەنجەرەی وەش تەرز**

**وە سەر پەنجەی ناز باوەرە ئەو لەرز**

لێرەدا چەنـدان نموونـەی تریش لـە دیوانەکـەی مەولـەوی پێشـکەش دەکرێـت:

**بویەر جە سای تەرز دەف و نەیەوە**

**وە زاتی مەستیی نەشئەی مەیەوە**

یان:

**موتریب، سازەکەت ئۆف چ وەش تەرز بێ**

**ئەم جاریش وەک دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ**

کەڵکوەرگرتـن لـە وشـەی تـەرز تەنیـا کاری مەولـەوی نییـە و ئەگـەر سـەیری سـەرچاوە شیعرییەکانی تـر بکەیـن بۆمـان دەردەکەوێت زۆر پێش لەویش هەبـووە. بۆ نموونـە شـێخ مسـتەفا تەختەیـی (١٥٤٤ - ١٦٣٧) لـە پێشـەنگانی قوتابخانـەی گۆرانـی چەنـدان سـەدە بـەر لـە مەولـەوی دەڵێـت:

**زەمزەمەی تەوحید دەروون سەد تەرزەن**

**زایەڵەی «یا دۆس» نە دروون بەرزەن**

هەروەها دەڵێت:

**فامم زەلیلەن، دەروون زامدارەن**

**نەیچی ناڵەی نەی ئەم جار وە کارەن**

**فیدای پەنجەت بوون مەقامێ وەش تەرز**

**لێدەر تا پیشەی دڵ باوەر وە لەرز**

ئـەم شـیعرە دووەمـەی تەختەیـی ئەگەرچـی دراوەتـە پـاڵ (مەولـەوی)ش، (مەولـەوی، ٢٠٠٤)، بەڵام ئەگەری ئەوەی شیعری مەولەوی بێت کەمە، چـوون مودەڕڕیـس لـە دیوانەکـەی (مەولـەوی) دا نەیهێنـاوە، لـە کاتێکـدا لـە پێشـەکییەکەیدا گوتوویەتـی دەسـتی بـە کەشـکۆڵەکەی مەحمـوود پاشـای جـاف گەیشـتووە، کـە ئەمە پیشـان دەدات زانیاریـی لەسـەر ئـەم هۆنراوەیـە بـووە. دواتـر ئەمینـی (تەختەیـی، ٢٠١٩) بـە سـاغکردنەوەی هەمـان کەشکۆڵ ئـەم هۆنراوەیـەی بـە هـی شـێخ مسـتەفا تەختەیـی زانیـوە.

هەروەهـا لـە شـانامەی کوردیـدا لـە داسـتانی ڕۆسـەم و زۆراودا، ئاماژە بـە وشـەی تـەرز هەیـە. وشـەکە بـەم جـۆرە لەگـەڵ وشـەگەلی ناڵـە، موتریـب، سـەدا، سـاز و گۆشـدا لـە یـەک بەیتـدا هاتـووە (Chamanara, 2015):

**ناڵەی موتریبان، سەدای ساز تەرز**

**مەیاوا بە گۆش کەهکشان بەرز**

ئـەو هەڵبەسـتانەی سـەرەوە نیشـان دەدەن مەولـەوی تەنیـا شـاعیرێک نییـە کـە بـە مەبەسـتی مۆسـیقاییەوە ئاماژەی بـە وشـەی تـەرز کـردووە، بەڵکـوو شـاعیرانی پێـش ئەویـش ئـاگاداری ئـەم مەعنایـە بـوون، بـەڵام مەولـەوی زیاتـر لـە فرەیەک لـە شـاعیران کەڵکـی لـەم وشـەیە وەرگرتـووە. شـاعیرانی تریـش لێـرە و لـەوێ هـاوکات و دوای مەولـەوی وشـەکەیان بـەکار هێنـاوە. بـۆ نموونـە جەفایـی (جەفایـی، ١٩٨٠) شـاعیرێکی تـری قوتابخانـەی شـیعریی (گـۆران)ی دەڵێـت:

**دەف و نەغمەی نەی، سازی شیرین نەزم**

**باوەر وەی مەیدان پەرێ عەزمی بەزم**

**کزەی هەر تەرزێ تەئسیرێ کەرۆ**

**هەر نەفەس سۆزێ وە دەروون دەرۆ**

یان دەڵێت:

**ئازیز مەر ئیمشەو نەشنەفتی سەد تەرز؟**

**ناڵەی ناقووسیم جە دڵم بی بەرز**

کـە لێرەشـدا وشـەگەلی ناقـووس (بـە مانـای زەنـگ) و ناڵـە لـە جنسـی دەنـگ و مۆسـیقان.

یـان ئاغـا عینایـەت (ئاغـا عینایـەت، ١٩٩٩) دەڵێـت:

**سەدای ژەرەژان نە سەر کڵاوان**

**هەر یەک وە تەرزێ جەرگم شکاوان**

واتە دەنگی کەوە کڵاونەکان هەرکام بە جۆرێ (یان هەرکام بە مەقامێ) جەرگیان دەبڕیم.

یان زێوەر کە بە کوردیی ناوەندی دەنووسێت، دەڵێت:

**نەغمەش شیرینە بە ئاوازی بەرز**
**دوو بەستەی کوردی بڵێ لە سەد تەرز**

لێرەشدا وشەگەلی نەغمە و بەستە و تەرز دەتوانن ئیهامی تەناسوب ساز بکەن. زۆر دووریش نییە کە زێوەر لەم مانایە گەیشتبێت. چون لە شوێنی تریشدا ئاماژەی بە چەمکی مۆسیقایی هەیە. بۆ نموونە دەڵێت:

**من نامەوێ حیجاز و ڕاست و نەوای عێراقی**
**شۆڕ و قەتار و حەیران بۆ من بڵێن سەوابە**

## لێدوان

لەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە تا پێش سەدەی بیست شاعیرانی کورد وشەی تەرزیان بە مانای مەقام بەکار هێناوە (دوان لە نموونەکانیش هی سەدەی بیستەم بوون). ئەم بەکارهێنانەش بە پێچەوانەی ئەمڕۆ تەنیا بۆ تەمووره نەبووە، بەڵکوو بۆ ئامێری تر وەک نەی، یان تەنانەت بۆ دەنگبێژیش کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم وشەیە زیاتر لە مۆسیقای تەموورەدا دەیبیستین، کە ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە داخراوەتر بوونی فەرهەنگ و کۆمەڵگەی یارسان، هەروەها هاوڕێیەتییان لەگەڵ مۆسیقادا تا ئەمڕۆ توانیویەتی وشەکە بپارێزێت.

زۆربەی هۆنراوەکان کە وشەی تەرزیان بە مانای مۆسیقایی تێدا هێنرابوو هی کوردیی گۆرانی بوون، کە دیارە پێوەندییەکی پتەوتری لەگەڵ فەرهەنگی یارسانی بووە. نموونەی سۆرانیش پەیدا دەبێت، بەڵام نووسەر نەیتوانی نموونەی کرمانجی ژووروو بۆ ئەم وشەیە بدۆزێتەوە، ئەگەرچی بەشێکی ئەمە ڕەنگە لەبەر دەسترەسیی کەمتری نووسەر بە سەرچاوەی کرمانجی بووبێت، بەڵام ئەو خاڵەش نابێت پشتگوێ بخرێت کە نزیکیی جوگرافیایی فەرهەنگی سۆران و گۆران و پێشینەی فەرهەنگی گۆرانی بووە بە هۆی ئەوەی وشەکانی گۆرانی بێنە ناو سۆرانییەوە (بە پێچەوانەش)، لە کاتێکدا جێ پەنجەی گۆرانی ڕەنگە هێند بە سەر کرمانجیی ژووروەوە دیار نەبێت.

بەر لە داخستنی درگەی باسەکە پێویستە سێ خاڵی تر ڕوون بکرێنەوە. یەکەم، ئەوەی ئەم نووسراوەیە تەنیا جەختی لەسەر مانا مۆسیقاییەکەی وشەی تەرز کردەوە و کاری بەو نموونە شیعرانە نەبوو کە بە مانای تر وشەی تەرزیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە بێسارانی، یان جەهانئارا پاوەیی وشەکەیان بە واتای بنجی گیا، لقوپۆپی دار، یان گژوگیا بەکارهێناوە. بۆ نموونە بێسارانی لە پاییزانەکەیدا دەڵێت:

**یە هیجران کەردەن، جە دیدە کۆر بام**
**نە تەرز مەوینوون، نە باڵای نەمام**

وەک لە باسەکەی سەرەوەشدا وترا تەرز ئەمڕۆ لە سۆرانیشدا بە مانای برکەی گیا، یان بە مانای سەرپۆپەی لقە پێچپێچاوییەکانی برێک گیا بەکاردێت، ئەمەش لە فەرهەنگی زارەکیدا هەیە. بۆ نموونە لە دەستەواژەی «کاڵەکی سەرتەرز»، یان لە مەسەلی «کاڵەکی تەرزێکن»دا، کە دووەمی ئاماژەیە بە دوو شت کە زۆر لە یەک بچن، یان لە یەک بنەماڵە ببن. لێرە مەعنای تەرز برکە، یان بنجی گیایە. (ڕەنگە ئەمە بتوانێت بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتی وشەکە ڕچە بشکێنێت).

دووەم، ڕەنگە خوێنەر بپرسێت مەبەست لە

ئەم مانا مۆسیقاییەی باسی دەكەن چییە؟ دەتوانین بڵێین ئەم مانایە هەر بەقەد مانای مەقام ئاڵۆزە. دەبینین لە فەرهەنگی مۆسیقایی كوردیدا مەقام بە واتای جۆراوجۆر بەكار براوە. بۆ نموونە بە ڕیتمەكانی دەف، كە بڕێک جار یەک، یان دوو میزانن، دەوترێت مەقام (حبیبی، ٢٠٠٠) و بە مەقامێكی تەموورەش كە ڕەنگە چەندان میزان بێت، هەر مەقام دەوترێت (Moradi, 2012)، یان بڕێک جار مەقام لە بەرانبەری بەستەدا دێت، كە ڕەنگە ئیشارە بە ئاوازە مەحزوونەكانی مەقاماتی بەغدادی بێت (مەحوی، ٢٠١٢).

سێیەم، ئەم وتارە نایەوێت خۆی بئاڵێنێتە باسی بنەڕەتی وشەی تەرز، بەڵام پێویستە بوترێت ئەو وشەیەی لە عەرەبیدا بە (طرز) دەنووسرێت لە بنەڕەتدا وشەیەكی ئێرانی بووە و تەعریب كراوە. ئەلتەهانەوی (التهانوي، ١٩٩٦) لە سەدەی هەژدەمدا لە فەرهەنگەكەیدا گوتوویەتی كە تەرز لە لوغەتدا بە مانای شێوە و هەیئەتە، بەڵام لە ئیستیلاحی زانستی بەلاغەدا بە جۆری نەزم (واتە هەڵبەست) دەوترێت و بۆ شیعری فارسی چەندان تەرزی ژماردووە. بۆ نموونە تەرزی حەكیمانە، یان تەرزی سەنایی، تەرزی تەبعی، یان تەرزی خاقانی و تەرزی خەسرەوانە، یان تەرزی ئەمیرخەسرەو دیهلەوی، كە هەركام خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن. بۆیە ڕەنگە هەر بەو جۆرەش كوردەكان تەرزیان بە جۆری ژەنینی مۆسیقا دانابێت و تەرزی جۆراوجۆریان هەبووبێت، ئەمە تەنیا گریمانەیەكە و تێگەیشتن لەم وشەیە ڕەنگە پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەبێت.

بە بەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە ڕەنگە بتوانین بڵێین وشەی تەرز خۆی سەرەتا مەعنایەكی تری هەبووە كە لەو مەعنایانەی لە سەرەوە باس كرا نزیكتر بووە. دواتر وەک زۆر وشەی تر تووشی گۆڕانی مەعنایی بووە و بە مەعنای جۆری مۆسیقا بەكارهاتووە. گۆڕانی مەعنایی پرۆسەیەكە كە تێیدا مەعنای وشەیەک دەگۆڕێت، یان گەشە دەكات. بۆ نموونە وشەی «بحث» بە مەعنای گەڕان لە كوردیدا وەک «باس» خوازراوە و مەعنایەكی تازەی پەیدا كردووە كە جیاوازی لەگەڵ مەعنا سەرەتاییەكەی- واتە گەڕان- هەیە، یان لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی nice لە سەردەمی شكسپیردا بە واتای گەوج بووە، بەڵام ئەمڕۆ مەعنای ژیر و بەئەدەب دەدات. بۆ نموونەی زیاتری گۆڕانی مەعنایی بڕوانە (Campbell, 2013).

## كۆتایی

لەم وتارەدا وشەی تەرز وەک وشەیەكی لەبیركراوی مۆسیقایی بووژێنرایەوە. بۆ لابردنی تەپوتۆز لە ڕوخساری وشەكە چەندان نموونەی شیعر لە شاعیرانی كوردی پێش سەدەی بیستەم خرایە پێش چاو، كە تێیاندا وشەكەیان بە واتای مۆسیقایی بە كار هێنابوو. زۆربەی نموونەكان هی ئەدەبی گۆرانین، بەڵام لە سۆرانیشدا هەمان كاركردی هەبووە. نووسەر نەیتوانی نموونەیەكی كرمانجیی ژووروو پەیدا بكات، كە شاعیرێک وشەی تەرزی بە مانای مۆسیقایی بەكار بردبێت.

ئەم نموونانە دەری دەخەن كە تەرز لە ڕابوردوودا لەجێی مەقام بەكار براوە، هەروەها بەكارهێنانی وشەكە تەنیا بۆ تەموورە نەبووە و بۆ مەقامێک كە بە نەی، دەف، یان بە دەنگبێژیش ئیجرا كراوە و كەڵكی لێ وەرگیراوە. بێگومان لە زۆربەی نموونە شیعرییەكاندا مانای

وشەی تەرز ئیهامییە و هەم مانای شێوە و هەم مانای مەقام دەگەیەنێت. ئامانجی ئەم وتارە ئەوە بوو کە بە بیرخستنەوەی ئەم مانا لەبیرکراوەی ئەم وشەیە خوێنەرانی شیعری کوردی دەستیان بگاتە توێیەکی تازە لە واتای هۆنراوە کوردییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە کاری لەسەر بنەڕەتی وشەکە نەکردووە و داوا لە توێژەران دەکات لە داهاتوودا زیاتر لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکەن.

## سەرچاوەکان:

### ئینگلیزی


* Campbell, L. (2013). Historical linguistics: An Introduction. Edinburgh University Press.
* Chamanara, B. (2015). The Kurdish Shahnama and its Literary and Religious Implications. CreateSpace Independent Publishing Platform.
* Farqînî, Z. (2005). Ferhenga Kurdî-Tirkî. Istanbul Kurt Enstitusu.
* Moradi, A. A. (2012). Sad Dars: The Method of Playing Tanbour (5th ed.). Ali Akbar Moradi Publication.
* Moradi, A. A. (2018). Maqams: The Roots of Iranian Classical Music. Stanford Iranian Studies Program. https://www.youtube.com/watch?v=46_89cnPtn8.
* Moradi, A. A. (2019). Personal communication with Ali Akbar Moradi. Personal communication.
* Seyedahmady Zavieh, S. S., Darvishi, M.-R., & Mehrpouyan, A. (2016). Tanbur as Stringed Music Instrument: Role, Qualities, Influences on Yarsanism. IJASOS- International E-Journal of Advances in Social Sciences, 2(4), 49. https://doi.org/10.18769/ijasos.11132


### کوردی


Wiktionary. (2020). terz – Wîkîferhen
* https://ku.wiktionary.org/wiki/terz.
* ئاغاعینایەت، (١٩٩٩)، دیوانی ئاغاعینایەت، پێداچوونەوە و پێشەکی: محەممەدئەمین هەورامانی (کرماشان، Ed)، موسسه فرهنگی انتشاراتی اباصالح.
* ئیزەدپەناه، ح. (١٩٧٨)، فەرهەنگی لەک و لوڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
* التهانوي، م. ع. (١٩٩٦)، كشاف إصطلاحات الفنون (ر. العجم، ع، دحروج، ع. الخالدي، & ج. زينالي، Eds)، مكتبة لبنان ناشرون.
* پهلوان، ک. (٢٠١٨)، فرهنگ گفتاری در موسیقی ایران استان های کردستان و کرمانشاه، انتشارات آرون.
* پێندرۆیی (جگەرسۆز)، م. س. (٢٠٠٩)، فەرهەنگاکانی، ئەکادیمیای کوردی.
* تەختەیی، م. (٢٠١٩)، دیوانی شێخ مستەفا تەختەیی؛ لەسەر ئەساسی نوسخەی خەتی مەحموودپاشای جاف (م. ڕ. ئەمینی، Ed)، ئارۆ.
* جەفایی، (١٩٨٠)، دیوانی جەفایی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەدعەلی قەرەداغی، چاپخانەی شەفیق.
* جەلیلیان (ئاکۆ)، ع. (٢٠٠٤)، فەرهەنگی باشوور، ئەنستیتوتی کەلەپووری کوردی.
* حبیبالله (بێدار)، ج. (٢٠١٠)، فەرهەنگی وشەنامە: هۆرامی - کوردیی ناوەڕاست،

ئەکادیمیای کوردی.
* حبیبی، م. (٢٠٠٠)، شیوه نوین دف نوازی، چنگ.
* خاڵ، ش. م. (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ (چاپی دووهەم)، ئاراس.
* دروودی، ح. & مەنبەری، ح. (١٩٩٨)، بێستوون: فەرهەنگی سۆرانی هەورامی.
* شەرەفکەندی (هەژار)، ع. (١٩٩١)، هەنبانە بۆرینە: فەرهەنگی کوردی-فارسی، سرووش.
* مەحموود پوور، ر. (٢٠١٠)، لە کارکردی هونەری زمانەوە بۆ شیعرستان و نرخناسی مەولەوی، گۆڤاری ئایندە، ژمارەی ٢.
* https://sardem.info/rasm/archive/2017/07/24/sardem170724070888.pdf
* مەحوی، (٢٠١٢)، دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و محەمەممەدی مەلا کەریم، انتشارات کردستان.
* مەلا ساڵح، ح. (٢٠٠٨)، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
* مەولەوی، (٢٠٠٤)، دیوانی مەولەوی، لەسەر بناغەی تێکۆشانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس (ح. گۆران & م. حیجازی، Eds)، دەزگای ڕۆشنبیریی گۆران.
* مەولەوی، (٢٠١٠)، دیوانی مەلەوی، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، انتشارات کردستان.
* موحەمەدپوور، ع. (٢٠٠٣)، هەرێمی ئەفراندن و خەیاڵ و چەند تێبینییەک لەسەر نرخناسیی هونەرەکەی مەولەوی، سروە، ژمارەی ٢١٠.
* http://peyliway.blogfa.com/post/168

**فارسی**

* **پهلوان، ک. (٢٠١٨)، فرهنگ گفتاری در موسیقی ایران استان های کردستان و کرمانشاه، انتشارات آرون، تهران.**
* **حبیبی، م. (٢٠٠٠)، شیوه نوین دف نوازی، چنگ، تهران.**

**عەرەبی**

* التهانوي، م. ع. (١٩٩٦)، كشاف إصطلاحات الفنون، ج ٢، محرر، ر. العجم، ع. دحروج، ع. الخالدي، و ج. زينالي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.

**پەراوێز:**

*** لێرەدا دیارە زیل و بەم بە مانای دەنگی زیڕ (زیق) و بەمی (بۆڕ) ئامێری مۆسیقایە نەک ئامێری مۆسیقا! لە فارسیدا بۆ بەرانبەری pitch کە دەرخەری ئاستی بەرزایی لەرەلەری دەنگە (واتە فریکوێنسی) دەڵێن زیروبەمی.**

**تۆرۆنتۆ**